سەماحەتی حەکیم لە دیداری دیپلۆمات و کۆمەڵایەتییەکانی میسر : پاڵپشتی دەسەڵاتی فەلەستین دووپات دەکەینەوە لەگەڵ سەقامگیری عیراق و پتەوکردنی هاریکاری عەرەبی

لەچوارچێوەی سەردانەکەی بۆ کەماری میسری عەرەبی ، بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانەتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە ماڵی عەراقییەکان لە قاهیرە بووە میوانی بەڕێز دکتۆر فەحتان ئەلجەنابی باڵیۆزی عێراق میسر لەوە لە دیدارێك کە چەندین دیپلۆماتی عەرەبی و میسری و کۆمەڵایەتی دیار ئامادەی بوون باس لە چەندین دەسەڵی گرنگی عەرەبی و هەرەمی کرا.

لەسەرەتای قسەکانیدا بەڕێز حەکیم باسی ڕەڵی گرنگی میسری کینانەی کرد لە پاڵپشتی دەسەڵی فەلەستینی و ستایشی هەوڵستی نەگۆڕی کرد لە پاڵپشتی کردنی مافەکانی گەلی فەلەستینی و هیوای خواست هەموو ئەو بانگشانە پووچەڵە بکرێنەوە کە داوای ڕاوانە کردن و ئاگواستنەوەی فەلەستینییەکان دەکەن، لەژێر هەر بیانوێك بێت، دووپاتیشی کردەوە کە عێراق پاڵپشتی هەوڵەکانی کەرتی غەزە دەکات و لەگەڵ پاراستنی مافەکانی گەلی فەلەستینە لەسەر خاکی خۆیدا.

سەبارەت بە دۆخی عێراق، سەماحەتی حەکیم جەختی کردەوە لەسەر پێویستی پاراستنی سەقامگیری دۆخی سیاسی عێراق، لەگەڵ دووپاتکردنی پاڵپشتی ئەرکەکانی حکومەتی عێراقی بۆ ئاوەدان کردنەوە، هەروەها ستایشی ئەو هەنگاوانەی کرد کە حکومەت لە پێناو پشکشکردنی خزمەتگوزاری ئەنجامی داوە لەگەڵ ژێرخانیش، هەروەها پاڵپشتی عێراقی دووپات کردەوە بۆ هەوڵستەکانی حکومەت بۆ کەمکردنەوەی جیاجاکانی سیاسی و هەرەمی و نەودەوڵەتی و ئاماژەی کرد کە گرنگە لووتکەی عەرەبی لە بەغدا لەدوای چەند ماڵگەکی دیکە سەرکەوتوو بێت.

سەبارەت بە لایەنی ناوچەکە بەڕێز حەکیم باسی ڕووداوەکانی سووریای کرد و جەختی لەسەر هەوڵستی عێراق کردەوە کە پێی باشە سەقامگیری لەسووریا بەرقەرار بێت و دوور بێت لە دەست تێوەردانی دەرەکی، داواشی کرد هەموو ئەرکەکان بەرەو پێکهێنانی پرۆسەیەکی سیاسی گشتی بێت کە هەموو پێکهاتەکانی سووریا لەخۆ بگرێت، ئەوەش گەشە و سەقامگیری لەگەڵ خۆی دەهێنێت.

لەکۆتایی قسەکانی بەڕێز حەکیم باسی پێویستی هەماهەنگی و یەکبوونی عەرەبی کرد بۆ ئەوەی ناوچەکە لە مەلمەلانێ دوور بخرێتەوە، ئاماژەشی کرد کە دەبێت لە لووتکەی عەرەبی داهاتوو هەموو ئەو ناکۆکییە عەرەبییانە بن بە بکرێت، ئەویش لەڕێگەی گفتوگۆ و دەست بە خاڵە هاوبەشەکان بگیرێت و دوور بکەوێنەوە لە خاڵی ناکۆکی و بۆ ژیرانە ئیدارەی بکەن، لەگەڵ پێویستکردنی بنەما ئیسلامی و عەرەبییەکان و کار لەسەر کامڵبوونی عەرەبی بکرێت بۆ زامنکردنی سەقامگیری و خۆشگوزەرانی گەلەکانی ئەو ناوچەیە.